خەلیل عەبدوڵڵا

# پرسی زمانی کوردی لە عیراقدا

هەولێر ٢٠٢٢

# پرسی زمانی کوردی
# لە عیراقدا

خەلیل عەبدوڵڵا

٢٠٢٢

ناوی کتێب : پرسی زمانی کوردی لە عیراقدا
بابەت : زمان
نووسەر : خەلیل عەبدوڵڵا
نەخشەسازی ناوەڕۆك : شاخەوان جەعفەر
بەرگ : ئامانج ئەمین
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
چاپ : چاپی یەکەم - چاپخانەی ڕۆژهەڵات/٢٠٢٢
نرخ : ٤٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن، (٧٦٥)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە

**لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپکراوە**

پێشکەشە بە:
- ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ئەو مامۆستا مەزنەی، گەورەترین خزمەتی بە زمانی کوردی کردووە.

# پێشەکی

زمان یەکێکە لە بنەما و ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهێنەری هەر نەتەوەیەک، بە ناسنامەی نەتەوە دادەنرێت. نەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەکانی تر، هەموو بنەما و ڕەگەزەکانی نەتەوەی تێدایە، زمان یەکێکیان و گرنگترینیانە.

زمانی کوردی وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد، لەلایەن دوژمنانی کوردەوە هەڕەشەی لەناوبردن و سڕینەوەی لێکراوە، نەتەوەی کورد سەرسەختانە هەوڵی پاراستن و گەشەپێدان و بەڕەسمی ناسینی زمانەکەی داوە. سەرەتای داخوازیی گەلی کورد بۆ بە ڕەسمی ناسینی زمانەکەی، وەک زمانی خوێندن، بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە. ساڵی ١٩١٠ بەهەوڵی ئەندامانی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستان، یەکەم قوتابخانەی کوردی لە شاری ئەستەنبوڵ دامەزرا.

دوای ڕوخانی عوسمانییەکان لە جەنگی یەکەمی

جیهان و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عیراق، لە سایەی دەسەڵاتی شێخ مەحموودی حەفید لەسلێمانی، زەمینەیەکی لەبار بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی ڕەخسا و شێوەی زاری کرمانجی خواروو ڕەگوڕیشەی زیاتری داکوتا.

لە دوای ڕوخاندنی حکومەتەکەی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٢٣، خەباتی گەلی کورد بۆ پاراستن و بەڕەسمی ناسینی زمانەکەی بەردەوام بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥- ١٩٧٠دا نەتوانرا زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی بخرێتە دووتوێی دەستوورەکانی عیراقەوە، تەنها زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی بوو.

سەرباری ئەوەی لە ساڵی ١٩٣١ حکومەتی عیراق لە ژێر فشاری کۆمەڵەی گەلاندا، یاسای زمانە ناوخۆییەکانی دەرکرد و بەڵێنی جێبەجێکردنیدا، کە بەپێی ئەو یاسایە دەبوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا زمانی کوردی زمانی خوێندن و ئیدارە و دادگاکان بوایە، بەڵام ئەو یاسایە وەک خۆی جێبەجێ نەکرا، بەشێوەیەکی سنووردار زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی چەند ناوچەیەک بەکار

هات و بەشێوەیەکی بەرتەسکیش ڕێگە بەچاپ و بڵاوکردنەوە بەزمانی کوردی درا.
لەدوای ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ لە نێوان کوردو حکومەتی عیراق، دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٦٨ هەموارکرا، لە دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٧٠دا دان بەزمانی کوردیدا نرا وەک زمانی ڕەسمیی ناوخۆیی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا. ئەوە بۆ یەکەمجار بوو لە دەستوورێکی عیراقدا بە ڕەسمی دان بەزمانی کوردیدا بنرێت.
لە دوای پرۆسەی ئازادیی عیراق، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، لە ساڵی ٢٠٠٤ دەرچوو، ئەم یاسایە کە دەستوورێکی کاتی بوو، زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا بە زمانی ڕەسمی لەسەرانسەری عیراقدا ناساند. ئەوە بە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ دادەنرێت، چونکە بۆ یەکەمجار بوو لە ژیانی دەستووری عیراقدا، زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی سەرانسەری وڵات بناسرێت، چونکە پێشتر لە باشترین حاڵەتدا وەک زمانی ناوچەیی لە هەرێمی کوردستان ناسرا بوو، نەک سەرانسەری عیراق. دەستووری هەمیشەیی

عیراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە لە ڕێی ڕاپرسیی گشتییەوە پەسەند کرا، جارێکی تر زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی لە سەرانسەری عیراقدا ناسی. زۆربەی وڵاتان و گەلان یاسای تایبەت بە زمانیان هەیە بۆ پاراستنی زمانەکەیان. سەرباری ئەوەی کە تا ئێستا ١٩٣ دەوڵەت ئەندامی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانن لە سەرانسەری جیهاندا، بەڵام ٤٧٠ یاسای زمانی ڕەسمیی تایبەت بە وڵاتان و هەرێمەکان هەیە، ئەوەش بە مانای ئەوەیە، تەنها دەوڵەتان مافی ئەوەیان نییە کە یاسای زمانی ڕەسمییان هەبێت، بەڵکو گەلە بێدەوڵەتەکان و هەرێمەکانیش مافی ئەوەیان هەیە یاسای زمانی ڕەسمییان هەبێ. ئەوەش نیشانەی پەرۆشیی گەل و نەتەوە جیا جیاکانە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی زمانەکانیان، چونکە بە بێ بایەخدان بەزمان و پاراستن و بژارکردنی، ئەگەری لەناوچوونی زمان هەیە. بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان، ساڵانە ٥٢ زمان لە جیهاندا دەفەوتێن.

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقی ساڵی ٢٠٠٤ و دەستووری هەمیشەیی عیراقی ساڵی

٢٠٠٥ ڕێگەیـان بـەوە دابـوو، کـە یاسـای تایبـەت بەزمانـە فەرمییـەکان دەربکرێـت. کەچـی لـە سـەردەمی گواسـتنەوە و لـە سـایەی یاسـای بەڕێوەبردندا ئە و یاسایە دەرنەکرا، ڕەنگە پاسا و ئـەوە بـوو بێت کـە مـاوەی گواسـتنەوە سـاڵێک بـوو، ماوەکـە کـەم بـو و، پەرلەمـان نەپەرژایـە سـەر ئـەوەی یاسـاکە دەربکات، بـەڵام لـە سـایەی دەسـتووری هەمیشـەیی عیراقـی سـاڵی٢٠٠٥ و لەمـاوەی چـوار سـاڵی خولـی یەکەمـی ئەنجومەنـی نوێنەرانیشـدا ئـەو یاسـایە دەرنەکـرا، ئەمەیـان پاسـاوێکی ئەوتـۆی نەبـوو.

بەهەر حاڵ دەرکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان چەند ساڵێک دواکەوت، دواتر ڕووناکی بینی، سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق یاسای زمانە فەرمییەکانی دەرکرد، ڕۆژی ٢٤ی شوباتی ٢٠١٤ لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی عیراق) بڵاوکرایەوە.

لەبـەر ڕۆشـنایی مـاددەی چـواری دەسـتووری سـاڵی ٢٠٠٥ی عیراقـدا، پەرلەمانـی کوردسـتان لـە دانیشـتنی ئاسـایی ڕۆژی ٢٩ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠١٤دا، یاسـای زمانـە فەرمییەکانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان دەرکـرد.

سـەرەڕای ئـەوەی یاسـای زمانـە فەرمییـەکان لـە عیـراق و هـەرێمـی کوردسـتان دەرچـووە، بـەڵام تـا ئێسـتا وەک پێویسـت ماددەکانـی ئـەو دوو یاسـایە لەعیـراق و هـەرێمـی کوردسـتان جێبەجێنەکـراون و فەرامۆشـکراون.

**خەلیل عەبدوڵڵا**
**١٠ ئابی ٢٠٢٢**

# زمانی کوردی لەدەستوور و یاساکانی عیراقدا

ئەگەر چاو بە دەستوورو یاساکانی هەموو قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی عیراقدا بخشێنین، دەبینین هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاو لە گۆشەنیگای تایبەتەوە لە زمانی کوردییان ڕوانیوە. زۆربەیان نکۆلییان لە زمانی کوردی کردووەو بەهیچ شێوەیەک باسیان نەکردووە، تەنها زمانی عەرەبییان بە زمانی ڕەسمی ناسیوە. هەندێکی تریان زمانی کوردییان بە ڕەسمی ناسیوە و تەنانەت هەردوو دەستوورەکەی دوای پرۆسەی ئازادیی عیراق ، زمانی کوردییان بە زمانی ڕەسمی لەسەرانسەری عیراقدا ناسیوە. بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو مەسەلەیە بە پێویستم زانی کە شوێن و پێگەی زمانی کوردی لە یاساو دەستوورەکانی عیراقدا ڕوون بکەمەوە.

## یه‌كه‌م: یاسای بنه‌ڕه‌تی (ده‌ستوور)ی ساڵی ١٩٢٥

ئه‌مه‌ یه‌كه‌م ده‌ستوری هه‌میشه‌یی عیراقه‌، به‌ قانونی ئه‌ساسی ساڵی ١٩٢٥ ناسراوه‌. ئه‌م ده‌ستووره‌ له‌ سه‌رده‌می پاشایه‌تی و له‌ ژێر سایه‌ی ئینتدابی به‌ریتانیا بۆ عیراق نووسراوه‌. ئه‌گه‌ر به‌ وردی سه‌یری هه‌ر ١٢٥ مادده‌كه‌ی ئه‌و ده‌ستووره‌ بكه‌ین، ده‌بینین له‌ دوورو له‌ نزیك به‌هیچ شێوه‌یه‌ك ئاماژه‌ی به‌ناوو مافه‌كانی گه‌لی كوردستان و زمانی كوردی نه‌كردووه‌.

مادده‌ی ١٧ی ئه‌م ده‌ستووره‌ زمانی عه‌ره‌بی به‌ زمانی ڕه‌سمی ناسیوه‌، ڕێگه‌ی به‌وه‌ داوه‌ كه‌ یاسای تایبه‌ت بۆ زمانه‌كانی تر ده‌ربكرێت، به‌بێ ئه‌وه‌ی ناوی هیچ زمانێك بهێنێت. ئه‌وه‌ش به‌مانای به‌كه‌مگرتنی زمانه‌كانی دیكه‌ و به‌رزڕاگرتنی زمانی عه‌ره‌بییه‌. چونكه‌ زمانی عه‌ره‌بی له‌ ده‌ستووردا ناوی هاتووه‌، به‌ڵام زمانه‌كانی دیكه‌ به‌ یاسا دیاری ده‌كرێن كه‌ ئاسته‌كه‌ی له‌ ده‌ستوور نزمتره‌.

هه‌روه‌ها مادده‌ی ١٦ی ئه‌و ده‌ستووره‌ مافی به‌ تائیفه‌ جیاوازه‌كان دابوو، كه‌ قوتابخانه‌ دابمه‌زرێنن و منداڵه‌كانیان به‌ زمانی تایبه‌تیی خۆیان بخوێنن، به‌مه‌رجێك له‌گه‌ڵ پڕۆگرامی

گشتیی پەروەردەدا گونجاو بێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ماددەیە، وشەی تائیفەی بەکارهێناوە کە دەبوو ناوی نەتەوە و پێکهاتە بەکار بهێنێت ، هەروەها ناوی هیچ زمانێکیشی نەهێناوە.

**دووەم: یاسای زمانە ناوخۆییەکانی ساڵی١٩٣١**

لەسەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموودی حەفیددا، زمانی کوردی بووە زمانی ڕەسمی لەسلێمانی و گەشەی کرد، هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو شێوە زمانە لە کوردستانی باشووردا ببێتە زمانی ڕەسمی و ڕکابەری ئەوتۆی نەبێت. تەنانەت لەدوای ڕووخانی حکومەتەکەی شێخ مەحمودیش لەساڵی ١٩٢٣دا، ئەو شێوە زارە مایەوە و پەرەی سەند. هەر لەو ساڵەدا ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بڕیارێکی دەرکردو هاووڵاتیانی کوردستانی دڵنیاکردەوە کە دەتوانن زمانی کوردی لە مامەڵە ڕەسمییەکاندا بەکاربهێنن و ناچاریان ناکات زمانی عەرەبی لە پەیوەندییە ڕەسمییەکانیاندا بەکاربهێنن.

لیژنەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەی گەلان، لە ڕاپۆرتی تایبەتی خۆیدا سەبارەت بە

یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ لە نێوان تورکیا و عیراقدا، ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئەوویلایەتە بەو مەرجە دەدرێت بە عیراق کە وەڵامی داخوازیی گەلی کورد بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی بداتەوە و فەرمانبەرانی کورد بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی ئیدارە و داد و خوێندن لە ناوچە کوردییەکان دابمەزرێنێت. عیراق بەڵێنی بە کۆمەڵەی گەلان دا بوو ئەو داوایانەی کورد جێبەجێ بکات. بەڵام ئەو بەڵێنە هەر وەک بەڵێن مایەوەووەک خۆی جێبەجێ نەکرا.

دوای شەش ساڵ لەدانانی دەستووری ساڵی ١٩٢٥، لەژێر فشاری کۆمەڵەی گەلاندا یاسای زمانە ناوخۆییەکانی ژمارە (٧٤)ی ساڵی ١٩٣١ لەلایەن هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەعیانی عیراق پەسەندکرا، رۆژی ٢٣ی ئایاری ١٩٣١ پادشای عیراقیش پەسەندی کرد. ئەو یاسایە بەڵگەنامەیەکی یاسایی گرنگی سەردەمی پاشایەتی بوو، کە دانی بەزمانی کوردیدا نابوو. بەپێی ماددەی(١)ی یاسای زمانە ناوخۆییەکان، سنوری ناوچەکانی جێبەجێکردنی یاساکە ئەو قەزایانە بوو کە لەماددەی دووی یاساکەدا دەستنیشان کرابوون.

بەپێی ماددەی دووی یاساکە زمانی دادگاکان لەم قەزایانەی خوارەوەدا دەبوو بەزمانی کوردی بێت.
١ـ لیوای موسڵ لە قەزاکانی (ئامێدی، زاخۆ، زێبار، ئاکرێ).
٢ـ لیوای هەولێر لە قەزاکانی (کۆیە، رانیە، رواندز).
٣ـ لیوای کەرکوک لە قەزاکانی (گل، چەمچەماڵ).
٤ـ لیوای سلێمانی لە قەزاکانی (مەرکەز، هەڵەبجە، شارباژێڕ).
بەپێی ماددەی سێی یاساکە رێگە بەوە درابوو، کە لە دادگاکان زمانەکانی کوردی یاخود عەرەبی، یاخود تورکمانی لەم قەزایانەدا بەکاربێت.
١ـ لیوای موسڵ لە قەزاکانی (دهۆک، شێخان).
٢ـ لیوای هەولێر لە قەزاکانی (مەرکەز، مەخموور).
٣ـ لیوای کەرکوک لە قەزاکانی (مەرکەز، کفری).
بەپێی ماددەی پێنجی یاساکە، دەبوو زمانی کوردی زمانی ڕەسمی بێت لەم قەزایانەی خوارەوە:
١ـ لیوای موسڵ لە قەزاکانی (ئامێدی، ئاکرێ، دهۆک، زاخۆ، زێبار).
٢ـ لیوای هەولێر لە قەزاکانی (مەرکەز، مەخموور، کۆیە، ڕانیە، ڕواندز).

٣ـ لیوای کەرکوک لە قەزاکانی (چەمچەماڵ، گل)
٤ـ لیوای سلێمانی لە قەزاکانی (مەرکەز، هەڵەبجە، شارباژێر).
بەڵام لەقەزاکانی مەرکەزی کەرکوک و کفری رێگە بەبەکارهێنانی هەریەک لەزمانەکانی کوردی و تورکمانی درابوو.
زمانی خوێندن لەو قەزایانەی کە لەم یاسایەدا ناویان هاتبوو زمانی دایکیی زۆرینەی خوێندکارانی قوتابخانەکان بوو، ئیدی عەرەبی یاخود کوردی، یاخود تورکمانی بووبێت.
ماددەی هەشتی یاساکە ئاماژەی بەوە کردبوو، کە لە قەزاکانی سەربە لیواکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر کە لە یاساکەدا ناویان هاتبوو شێوازی زمانی کوردی بەکارهێنرا و، شێوازی زمانی بەکارهێنراوی ئەو کاتە بووە. بەڵام لە قەزاکانی لیوای موسڵ کە لە یاساکەدا ناویان هاتبوو، هاووڵاتیان سەرپشک کرابوون لە هەڵبژاردنی ئەو شێوازە زارەی کە حەزدەکەن منداڵەکانیان پێی بخوێنن.
یاسای زمانە ناوخۆییەکان بەشێوەیەکی سنوردارو بەرتەسک جێبەجێ کرا و هەموو ئەو ناوچانەی نەگرتەوە کە لە یاساکەدا دیاری کرابوون.

لەلایەکی ترەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە ٥ی مایسی ١٩٣٢دا بەڵێننامەیەکی ١٠ماددەیی وەک نیاز پاکی بەرامبەر کۆمەڵەی گەلان پەسەند کرد. لە ماددەی یەکدا ئاماژە بەوە کرابوو، کە مەرجەکانی ناو دوو توێی بەڵێننامەکە وەک یاسای سەرەکی لە عیراق دانی پێدا دەنرێت، ئەو مەرجانە ناکرێت کەم بکرێنەوە یاخود هیچ یاسایەک یا کارێکی ڕەسمی دژیان بێت، هەروەها ناکرێت هیچ یاسایەک یاخود کارێکی ڕەسمی بەسەریاندا زاڵ بێت.
ماددەی ١٠، مەرجەکانی دوو توێی بەڵێننامەکەی وەک پەیمانێکی نێودەوڵەتی ژێر زەمانەتی کۆمەڵەی گەلان دانابوو، کە نەدەبوو هیچ هەموارکردنێکی تێدا بکرێت، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان نەبێت. واتە بەڵێننامەکە سیفەتێکی نێودەوڵەتی پێدرابوو.
لەو بەڵێننامەیەدا چوار ماددەیان تایبەت بوو بە زمان. لە ماددەی چواری ئەو بەڵێننامەیەدا ئاماژە بەوە کرابوو، کە هیچ کۆت و بەندێک دانانرێت لەسەر بەکارهێنانی هیچ زمانێک لەپەیوەندییە تایبەتییەکان و بازرگانی و کاروباری ئایینی و ڕۆژنامەگەری و چاپ و بڵاوکردنەوە و کۆبوونەوە گشتییەکان.

لــە مــاددەی پێنجــی بەڵێننامەکــەدا، عیــراق ڕەزامەندیــی نیشــاندابوو ئاســانکاری بــکات بــۆ بەکارهێنانــی زمانەکانــی کــوردی و تورکمانــی لەدادگاکانــدا. لەمــاددەی هەشــتدا، عیــراق دانــی بــەوەدا نابوو، خوێندن لەقوتابخانە ســەرەتاییەکاندا بەزمانــی دایــک دەبێــت.

لــە مــاددەی نــۆدا، عیــراق ڕازی بــوو بــوو بــەوەی زمانــی کــوردی لەپــاڵ زمانــی عەرەبیــدا زمانــی ڕەســمی بێــت لەقــەزا کوردنشــینەکانی لیواکانــی موســڵ و هەولێــر و ســلێمانی. هەروەهــا دانیشــتوانی کەرکوک و کفری ســەرپشــک کردبوو لــە هەڵبژاردنــی یەکێــک لەزمانەکانــی کــوردی و تورکمانــی، وەک زمانــی ڕەســمی.

ســەرباری ئــەوەی ئــەو بەڵێننامەیــە وەک بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتــی نیشــان درابوو، بــەڵام لەســەر خاکی واقیع ئەو ماددانــە وەک یاسایەکی ناوخۆییــش جێبەجــێ نەکــران و زمانــی کــوردی نەبــوو بــە زمانــی ڕەســمی ناوچــە کوردییــەکان. بەڵکــو لەچەنــد ناوچەیــەک زمانــی کوردی زمانــی خوێنــدن بــوو لــە قوتابخانــە ســەرەتاییەکان و بەشــێوەیەکی ســنورداریش ڕێگــە بەچــاپ و بڵاوکردنــەوە بەزمانــی کــوردی درا.

**سێیەم: دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٥٨**

ئەم دەستورە یەکەم دەستووری کاتی سەردەمی کۆمارییە، تێیدا ئاماژە بە هیچ زمانێک نەکراوە. ئەوەی لەم دەستوورەدا بەخاڵی ئەرێنی بۆ گەلی کورد لەقەڵەم درا بوو، ئەوەبوو کە لە ماددەی ٣ی دەستوورەکەدا دانی بەوەدا نابوو کە کوردو عەرەب لە وڵاتی عیراقدا شەریکن. ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی سەرەکییە لە عیراقدا ووەک کەمینە سەیری نەکرا بوو. سەرباری ئەو خاڵە ئەرێنییە، خاڵێکی دیکەی سلبی ئەو دەستوورە، بایەخی ئەو خاڵە ئیجابییەی کەم کردبۆوە کە لە ماددەی ٢دا دەڵێت: عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب، ئەم خاڵە گەلی کوردو گەلەکانی تری وەک عەرەب سەیر کردبوو، بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب لەقەڵەمی دابوون، ئەوەش زوڵمێکی گەورە بوو لە کوردو نەتەوەکانی تر، چونکە ئەو نەتەوانە نەتەوەی سەربەخۆن و سەر بە هیچ نەتەوەیەکی تر نین، ئەوە بێجگە لەوەی کە گەلی کورد خاوەن خاکی لەمێژینەی خۆیەتی.

## چوارەم: پڕۆژەی لامەکەزیی ساڵی ١٩٦٣

ساڵی ١٩٦٣ لە کاتی ئاگربەستی نێوان حکومەتی عیراق و شۆڕشی کورددا، حکومەتی عیراق پڕۆژەیەکی سەبارەت بە ئیدارەی لامەرکەزی لە عیراق بڵاوکردەوە.

بەپێی پڕۆژەکە کوردستانی عیراق کرابوو بەدوو پارێزگا، ئەوانیش یەکەمیان کەرکوک کە لیوای کەرکوکی بە بێ قەزای چەمچەماڵ دەگرتەوە و شاری کەرکوک ناوەندی پارێزگاکە بوو. دووەمیان سلێمانی کە لیواکانی هەولێر و سلێمانی (بە چەمچەماڵەوە) و لیوای دهۆکیش قەزاکانی دهۆک و ئاکرێ و ئامێدی و زێباری لە لیوای موسڵ دەگرتەوە.

بەپێی ئەم پڕۆژەیە، زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دوو زمانی ڕەسمی بوون لە پارێزگای سلێمانی و خوێندن لەهەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی بە زمانی کوردی بوو، زمانی عەرەبیش زمانی دووەم بوو، لە قۆناغی ئامادەیی خوێندن بەزمانی عەرەبی بوو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم پڕۆژەیە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوەو حکومەتی عیراق بەخشکەیی خۆی لێدزییەوە.

**پێنجەم: دەستوورەکانی ٢٢و ٢٩ی نیسانی ١٩٦٤**

ئەم دوو دەستووره هەردووکیان لەماوەی هەفتەیەکدا نووسران، هەردوو دەستوورەکە بەشێوەیەکی تەمومژاوی باسی کوردیان کردووەو پاشەکشەیان لە مافەکانی گەلی کوردی دووتوێی دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٥٨ کردبوو، بێجگە لەوەی جەختیان لەسەر ئەوە ئەوە کردبۆوە، گەلی عیراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب . هەردوو دەستوورەکە زمانی عەرەبییان بەزمانی ڕەسمی ناسی بوو. دانیان بەهیچ زمانێکی تردا نەنابوو.

**شەشەم: دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٦٨**

ئەم دەستووره لەگەڵ هاتنە سەرحوکمی حزبی بەعسدا لەساڵی ١٩٦٨دا دانرا، بەهەمان تێڕوانینی نارۆشنی هەردوو دەستووری ساڵی ١٩٦٤ سەیری مەسەلەی کوردی کردووەو بیری شۆڤێنیی عەرەبی قوڵتر کردۆتەوەو عیراقی بەدەوڵەتێکی عەرەبی لەقەڵەم دابوو، حکومەتیشی پابەند کردبوو کار بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی عەرەب بکات. ئەم دەستووره تەنها زمانی عەرەبی بە زمانی ڕەسمی ناسی بوو، هیچ ئاماژەیەکی بە زمانی کوردی نەکردبوو.

**حەوتەم: دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٧٠**

ئەم دەستوورە لەدوای ڕێکەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ی نێوان کورد و حکومەتی عیراق دانرا و بە هەموارکردنی دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٦٨ دادەنرێت. لەخاڵی یەکەمی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠دا ئاماژە بەوە کرابوو، کە زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی زمانی رەسمییە لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و زمانی کوردی زمانی خوێندن دەبێ لەو ناوچانە، زمانی عەرەبیش وەکو زمانی دووەم لە هەموو ئەو قوتابخانانەدا دەخوێنرێ کە خوێندنیان بە زمانی کوردییە لە ناوچەکانی تری عیراقدا، ئەوەش بەپێی ئەو سنورەی کە یاسا دەیکێشێ. ئەم بڕگەیەی کە لە بەیاننامەی ئاداردا هاتبوو لەدەستووری کاتیی ساڵی ١٩٧٠دا ڕەنگی دایەوەو خرایە چوارچێوەی ماددەی حەوتی دەستوورەکەوە.

ماددەی حەوت لە دوو بڕگە پێکهاتبوو، بڕگەی (أ)ی ماددەی حەوت، زمانی عەرەبی بە زمانی ڕەسمی لەسەرانسەری عیراقدا دانابوو. بەڵام لەبڕگەی (ب)دا، ئاماژەی بەوە کردبوو کە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا زمانی ڕەسمی دەبێت لە ناوچەی کوردی. ئەوە بۆ یەکەمجار

بوو لە دەستورێکی عیراقدا زمانی کوردی ناوی بێت و بە ڕەسمی وەک زمانێکی ناوخۆیی لە کوردستاندا بناسرێت.
سەرەڕای ئەوەی کە لە بڕگەی (ب)ی ماددەی پێنجدا، ئاماژەی بەوە کردبوو کە گەلی عیراق لەدوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد پێکدێت و ئەو دەستورە دان بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و مافە ڕەواکانی هەموو کەمینەکان لە چوارچێوەی یەکێتیی عیراقدا دەنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەستوورەش دیسان عیراقی بە بەشێک لەنەتەوەی عەرەب دانابوو.
سەرباری ئەوەی ئەم دەستوورە لە ڕووی تیۆرییەوە نەتەوەی کورد و زمانەکەی بە ڕەسمی ناسی بوو، بەڵام بەپراکتیکی و لەسەر خاکی واقیع هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ نەنرا بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد، بەڵکو ئەو گەلە لەسەر دەستی ڕژێمی بەعسدا تووشی گەورەترین کارەسات و تەنانەت ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید بۆوە.
ساڵی ١٩٧٤ حکومەتی عیراق یەکلایەنە و بەبێ ڕەزامەندی گەلی کوردستان، یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراقی ژمارە ٣٣ی ساڵی

١٩٧٤ دەرکرد و تا ساڵی ١٩٩١ کاری پێکرد. بڕگەی یەکی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا بە زمانی ڕەسمی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناساندبوو. بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی بەزمانی خوێندنی هاووڵاتیانی کورد لە هەموو قۆناغەکاندا دانابوو.

## هەشتەم: پڕۆژە دەستووری کۆماری عیراقی ساڵی ١٩٩١

ئەم پڕۆژە دەستوورە، هەروەک پڕۆژە مایەوەو نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە. لەم پڕۆژە دەستوورەدا دان بە زمانی کوردیدا نرابوو وەک زمانی ڕەسمیی ناوچەیی لەپاڵ زمانی عەرەبی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی!

ئەم پڕۆژەیەش بەهەمان شێوازی دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٧٠ جەختی لەوە کردبۆوە، عیراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب و کار بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی عەرەب دەکرێت.

لەدوا پڕۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراقی ساڵی ١٩٩١ کە لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە ئیمزا نەکرا، سەبارەت بە زمانی کوردی

جەخـت لەسـەر هەمـان ئـەو خاڵانـە کرابـۆوە کـە لەیاسـای ئۆتۆنۆمـی سـاڵی ١٩٧٤دا هاتبوون، تەنها گۆڕانکارییەکی سـادە لـە خاڵـی شەشـەمدا کرابـوو.

## نۆیـەم: یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـی عیـراق بـۆ قۆناغـی گواسـتنەوەی سـاڵی ٢٠٠٤

ئـەم یاسـایە وەک دەسـتوورێکی کاتـی وابـوو، لـەدوای پڕۆسـەی ئازادی عیـراق لەلایـەن نوێنەرانی پێکهاتەکانـی عیراقـەوە دانـرا.

ماددەی نۆی یاسای بەڕێوەبردن زمانی کوردی و زمانی عەرەبی وەک دوو زمانی ڕەسمی لە سەرانسەری عیراقدا ناساندبوو.

ئـەم ماددەیـە ڕێگەشـی بـە هاووڵاتیانـی تـری وەک تورکمانـی و سـریانی و ئەرمەنـی دابـوو، منداڵەکانیـان بـە زمانـی دایـک لەدامەزراوەکانـی خوێندنـی حکومـی بخوێنـن، بەپێـی ڕێنماییـە پەروەردەییـەکان.

هەمـان مـاددە ڕێگـەی بـە دامەزراوەکانـی خوێندنـی تایبـەت دابـوو بەزمانەکانـی تـر بخوێنـن. هـەر لـەو ماددەیـەدا ئامـاژە بـەوە کرابـوو، چوارچێـوەی زاراوەی (زمانی ڕەسمی) و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانـی بەیاسـایەک ڕێکدەخرێـت. واتـە یاسـایەکی تایبـەت بەزمانـی فەرمـی دەردەکرێـت

بۆ ڕێکخستنی ئەم بوارانەی خوارەوە:
١. دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی (وەقائعی عیراق) بەهەردوو زمان.
٢. قسەکردن و وتوێژکردن و دەربڕین لە بوارە ڕەسمییەکانی وەک کۆمەڵەی نیشتمانی و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە ڕەسمییەکان بە هەر یەک لەو دوو زمانە دەبێت.
٣. داننان بە بەڵگەنامە ڕەسمییەکان و نامەناردنەکان، بە هەردوو زمان و دەرکردنی بەڵگەنامە ڕەسمییەکان پێیان.
٤. کردنەوەی قوتابخانەکان بە هەردوو زمان، بەپێی ڕێنماییە پەروەردەییەکان.
٥. هەر بوارێکی تر کە پرنسیپی یەکسانی مسۆگەر بکات، وەک پارە، پاسپۆرت، پوول.
٦. دامەزراوە و دامودەزگا فیدراڵییەکانی هەرێمی کوردستان هەردوو زمان بەکاردەهێنن.

ئەگەر سەرنجی ئەم ماددەیە بدەین دەبینین بۆ یەکەمجار لە ژیانی دەستووری عیراقدا زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی لە سەرانسەری عیراقدا ناسرا. چونکە پێشتر تەنها وەک زمانی ناوخۆیی ناوچەی کوردستان دانی پێدانرابوو، نەک سەرانسەری عیراق.

هەروەها بۆ یەکەمجار بوو کە بێجگە لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، ئاماژە بەزمانەکانی تری وەک تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی بکرێت و ڕێگە بە هاووڵاتیانی ئەو گەلانە بدرێت کە منداڵەکانیان بەزمانی خۆیان بخوێنن.
هەر لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بۆ یەکەمجار عیراق بەوڵاتێکی فرەنەتەوە پێناسەکرا و ئاماژە بەوەکرا کە تەنها گەلی عەرەبی عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب. ئەمەش بەوەرچەرخانێکی گرنگی دەستووری لە عیراقدا دادەنرێت. چونکە هەموو دەستوورە کاتییەکانی سەردەمی پێشووی کۆماری عیراق، گەلی کوردیان بەشێوەیەکی گشتی بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دانابوو.

## دەیەم: دەستووری هەمیشەیی عیراقی ساڵی ٢٠٠٥

ئەم دەستوورەش بە هەمان شێوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق، زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بە دوو زمانی ڕەسمی لە سەرانسەری عیراق ناسیوە و هەموو ئەو خاڵانەی لە ماددەی نۆی یاسای بەڕێوەبردندا هاتبوون، لە ماددەی چواری ئەم دەستورەدا دووبارە کراونەتەوە و جەخت

لەسەر پێویستیی دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە (زمانی ڕەسمی) و دیاریکردنی چوارچێوە و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ماددەی چوار کراوەتەوە.

لەماددەی چواری دەستووردا هاتووە:

**یەکەم:** زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمین لە عیراقدا، مافی سەرجەم عیراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بەزمانی دایکییان وەک تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی ڕێنماییە پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

**دووەم:** سنووری دەستەواژەی (زمانی ڕەسمی) دیاری دەکرێت، چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم ماددەیەش بە یاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

أ-دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕەسمی بە هەردوو زمان.

ب- قسەکردن ووتووێژو دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا بەهەریەک لەو دوو زمانە، وەک: ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان.

ج- دانان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و ئالوگۆڕکردنی

نامەو دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بەهەردوو زمان.
د-کردنەوەی قوتابخانە بەهەردوو زمان، بەپێی ڕێنماییە پەروەردەییەکان.
هـ- هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارەو پاسپۆرت و پوول.
**سێیەم:** دامودەزگا فیدراڵییە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکار دەهێنن.
**چوارەم:** زمانی تورکمانی و زمانی سریانی دوو زمانی فەرمی ترن، لەو یەکە ئیداریانەدا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.
پێنجەم: هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە، زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتییدا بڕیاریان لەسەردا.
ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم دەستورەدا لەچاو یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، دوو خاڵ لەبارەی زمانەوە زیادکراوە ئەوانیش:
١. زمانی تورکمانی و زمانی سریانی دوو زمانی دیکەی ڕەسمی دەبن، لەو یەکە ئیداریانەی کە زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.
٢. هەر هەرێم یاخود پارێزگایەک بۆی هەیە

هـەر زمانێکـی تـری ناوچەیـی تـر، بکاتـە زمانێکـی ڕەسـمی تـر، بـە مەرجێـک زۆرینـەی دانیشـتوانی ئـەو هەرێـم یاخـود پارێزگایـە بەڕاپرسـیی گشـتی پەسـەندی بکـەن.

دەستووری سالّی ٢٠٠٥ لـە هەموو دەستوورەکانی تر زیاتر بایەخی بەزمانەکان داوە، بێجگە لەناسینی زمانەکانی عەرەبی و کوردی بە زمانی ڕەسمی لە سەرانسەری عیراقدا، زمانەکانی تری وەک تورکمانی و سریانی لەیەکە ئیدارییەکانی کە زۆرینەن، بە ڕەسمی ناسیوە و مافی ئەوەی بەهاووڵاتیانیان داوە کە منداڵەکانیان بەزمانی دایک بخوێنن.

سـەرەڕای ئەوانـەش ڕێگـەی بەهـەر هەرێـم و پارێزگایـەک داوە لەڕێـی ڕاپرسـیی گشـتییەوە زمانـە ناوچەییەکانیـان لەسـەر ئاسـتی هەرێـم و پارێـزگا بکـەن بـە زمانـی ڕەسـمی.

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو راسـتییانەدا دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە ئـەم دەسـتورە لـە هەمـوو دەستورەکانی تـر زیاتـر بایەخـی بەزمانـی نەتـەوە جیاجیـاکان بەگشـتی و زمانـی کـوردی بەتایبەتـی داوە.

بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراق و لەسەر ئاستی دەرەوە بایەخی

خۆی هەیە.لەسەر ئاستی ناوخۆ بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی بەمانای بەڕەسمی ناسینی گەلێکە وەک پێکهاتەیەکی ئەساسی کۆمەڵگەی عیراق و هاوشان و یەکسان لەگەڵ گەلی عەرەب دێت. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی بایەخی گەورەی هەیە و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و عیراق لەکۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا دەتوانن بەو زمانە قسە بکەن و لەو بارەیەوە دەتوانین وتەو لێدوانەکانی سەرۆک تاڵەبانی بەزمانی کوردی لە کۆشکی سپی و بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان بەنموونە بهێنینەوە، کە بەڕوونی بایەخی بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی دەخاتەڕوو.

ئەگەرچی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقی ساڵی ٢٠٠٤ و دەستووری عیراقی ساڵی ٢٠٠٥ ڕێگەیان بەوە دابوو کە یاسایەکی تایبەت بە زمانە فەرمییەکان دەربکرێت. کەچی لە سەردەمی گواستنەوە و لە سایەی یاسای بەڕێوەبردندا ئەو یاسایە دەرنەکرا، ڕەنگە پاسا و ئەوە بوو بێت کە ماوەی گواستنەوە ساڵێک بوو، ماوەکە کەم بوو، پەرلەمان نەپەرژایە سەر ئەوەی یاساکە دەربکات، بەڵام لە سایەی دەستوری عیراقی

٢٠٠٥ و لەماوەی چوار ساڵی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانیشدا ئەو یاسایە دەرنەکرا، ئەمەیان پاساوێکی ئەوتۆی نەبوو.
دەرکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان چەند ساڵێک دواکەوت، دواتر ڕووناکی بینی، سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق یاسای زمانە فەرمییەکانی دەرکرد و ڕۆژی ٢٤ی شوباتی ٢٠١٤ لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی عیراق) بڵاوکرایەوە.
لەبەر ڕۆشنایی ماددەی چواری دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراقدا، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمییەکانی لە هەرێمی کوردستان دەرکرد.

## یازدەهەم: یاسای زمانە فەرمییەکان لەعیراق (ساڵی ٢٠١٤)

سەرەتای ساڵی ٢٠١٤، ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، لەبەر ڕۆشنایی ماددەی چواری دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥دا، یاسای زمانە فەرمییەکانی دەرکرد.
ئەم یاسایە لە ١٨ ماددە پێکهاتووە.

**پێناسەی زمانی ڕەسمی**

بڕگــەی یەکــی مــاددەی یەکەمــی یاســاکە، بــەم شــێوەیە زمانــی ڕەســمی پێناســە کــردووە، (زمانــی ڕەســمی ئــەو زمانەیــە کــە دەوڵــەت پشــتی پێدەبەســتێ لــە قســەکردن و دەربڕیــن و موخاتەبــە ڕەســمییەکان و کاغــەزی نەختینەیــی و پــوول و بەڵگەنامــە ڕەسمییەکانی پەیوەندیدار بەکاروبارەکانی دەوڵــەت لــە ناوخــۆ و دەرەوەی عیــراق).

**پێناسەی زمانی ناوخۆیی**

بڕگــەی دووی مــاددەی یەکەمــی یاســاکە، بــەم شــێوەیە زمانــی ناوخۆیــی پێناســە کــردووە، (زمانــی ناوخۆیــی، ئــەو زمانــە ڕەســمییە لــەو یەکــە کارگێڕییانــە بــەکاردێ، کــە زۆربــەی دانیشــتوانیان بــەو زمانــە قســە دەکــەن).

**ئامانجی یاساکە**

مــاددەی دووەمــی یاســاکە، ئامانجــی یاســاکەی خســتۆتە ڕوو، کــە ئەمانــەن:

١-زامنکردنــی ڕێزگرتنــی دەســتوور و کاراکــردن و ڕێکخســتنی زمانــە فەرمییــەکان لەعیراقــدا.

٢-بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی زمانەوانی، بەمەبەستی نزیککردنەوەی پێکهاتەکانی عیراق و قوڵکردنەوە و

بەرجەستەکردنی چەمکە نیشتمانی و مرۆڤایەتییەکان.
٣- بەدیهێنانی گیانی شانازیکردن بە زمانی دایک.
٤-دابینکردنی یەکسانی لەنێوان زمانی عەرەبی و زمانی کوردی لە ماف و ئیمتیازەکانی بەکارهێنانیان لە دامەزراوە ڕەسمییەکاندا.
٥-پشتیوانی و گەشەپێدانی زمانەکانی کوردی و عەرەبی و زمانەکانی دیکەی وەک تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی و سابیئەی مەندائی.

**زمانە فەرمییەکان**

ماددەی ٣ی یاساکە، زمانەکانی عەرەبی و کوردی بەدوو زمانی ڕەسمی لەعیراقدا داناوە.
بەپێی ماددەی ٤ی یاساکە، ڕۆژنامەی ڕەسمی بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی دەردەچێت.
ماددەی ٥ی یاساکە، ئاماژەی بەوە کردووە، زمانەکانی عەرەبی و کوردی بەکاردێن لە کۆبوونەوە ڕەسمییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتیی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیرانی فیدرالی و ئەنجومەنی بالآی دادوەری و دەستە و دامەزراوە فیدرالییەکانی تر و کۆبوونەوە ڕەسمییەکانی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان و سەرۆکایەتی و حکومەت.

ماددەی ٦ی یاساکە، باسی ئەوە دەکات کە قسەکردن و موخاتەبە و دەربڕینی بوارە ڕەسمییەکانی نێوان دەسەڵاتە فیدرالییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی دەبێت. بەپێی ماددەی ٧ی یاساکە، پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان و دەرکردنی نووسراو و نامە ڕەسمییەکانی دەسەڵاتە فیدرالییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بەزمانەکانی عەرەبی و کوردی دەبێت.

## زمانی خوێندن

ماددەی ٨ی یاساکە، ڕێگەی بەوە داوە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن، قوتابخانە بکرێتەوە و هاووڵاتیانی سەرپشک کردووە، بە زمانی عەرەبی یاخود کوردی یاخود سریانی یاخود ئەرمەنی، لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان، یاخود بەهەر زمانێکی تر لە دامەزراوە پەروەردەییە تایبەکاندا بەپێی ڕێوشوێنە پەروەردەییەکان بخوێنن.

## زمانەکانی عەرەبی و کوردی

ماددەی ٩ی یاساکە، ئاماژەی بەوە کردووە زمانەکانی عەرەبی و کوردی بەکاردێن لە

دەرکردنی دراوی نەختینەیی، پاسپۆرت، تابلۆکانی هاتوچۆ، پوولی دارایی و پۆستە، تابلۆکانی وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان.

**زمانەکانی تورکمانی و سریانی**

ماددەی ١٠ی یاساکە، دانی بەوەدا ناوە، زمانەکانی تورکمانی و سریانی، زمانی ڕەسمی دەبن لەو یەکە کارگێڕییانەی تورکمان یاخود سریان زۆرینەی دانیشتوان پێک دێنن.
ماددەی ١١ی یاساکە، مافی بە هەر هەرێمێک یاخود پارێزگایەک داوە، هەر زمانێکی دیکەی ناوخۆیی بکەن بە زمانی ڕەسمی لەڕێی ڕاپرسیی گشتی زۆرینەی دانیشتوانەوە.
برگەی یەکەمی ماددەی ١٢ی یاساکە، مافی بەهەر هاووڵاتییەکی عیراقی یاخود بیانی داوە، بەزمانی دایک بخوێنێ.

**گەشەپێدانی زمان و ڕۆشنبیری**

برگەی دووەمی ماددەی ١٢، ڕێگەی بەهەر پێکهاتەیەکی عیراق داوە، بۆ گەشەپێدانی زمان و ڕۆشنبیری و کەلەپوور، کۆلیج یاخود

پەیمانگا و سەنتەری ڕۆشنبیری، یاخود کۆڕی زانیاری دابمەزرێنێ.

**سەرچاوەی شیکردنەوەی مانای زاراوەکان**

ماددەی ١٣ی یاساکە، کۆڕی زانیاریی عیراق و ئەکادیمیای کوردی وەک سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەستنیشان کردووە بۆ شیکردنەوە مانای زاراوە و وشەکان، لەکاتی بوونی جیاوازی لەبارەیانەوە.

**سزای سەرپێچیکاران**

ماددەی ١٤ی یاساکە، سزای بۆ سەرپێچی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، بەم شێوەی خوارەوە دیاریکردووە:

١-بۆ فەرمانبەران سزای بەرزەفت جێبەجێ دەکرێت.

٢- ئەگەر فەرمانبەر نەبێت، داوای لێدەکرێت سەرپێچییەکە لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا لابەرێت، ئەگەر لاینەبرد، بەبڕی کەمتر نەبێ لە ٥٠ هەزار دینار غەرامە دەکرێت بۆ هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی لەلابردنی سەرپێچییەکە.

٣- هەر زەرەرمەندێک مافی جوڵاندنی داوای جەزائی هەیە، لە کاتی سەرپێچیکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایەدا.

## لیژنەی باڵای جێبەجێکار

بەپێی ماددەی ١٥ی یاساکە، لیژنەیەکی باڵا بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە پێکدێت، لیژنەکە بەئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیوەست دەبێت، نوێنەرێکی سکرتاریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکایەتی دەکات و نوێنەری هەر یەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سکرتاریەتی ئەنجومەنی نوێنەران ئەندامی دەبن، لیژنەیەکی دیکەی پسپۆڕی زمانەوانی و ئەکادیمی و نوێنەرانی تورکمان و سریان و ئەرمەن و مەندائی هاوکاریان دەبێت، دەکرێ نوێنەری هەر زمانێکی دیکەی عیراقی زیاد بکرێت.

بەپێی ماددەی ١٦ی یاساکە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێنماییەک ئەرک و نیصابی لیژنەی ماددەی ١٥ی یاساکە دیاری دەکات.

## دەرکردنی ڕێنمایی

بەپێی ماددەی ١٧ی یاساکە، دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی دەربکات بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی یاساکە.

### هۆکاری دەرچواندن

لەکۆتایی ماددەکانی یاساکەدا، هۆکاری دەرچواندنی یاساکە خراوەتەڕوو، دەڵێت: (بۆ جێبەجێکردنی ماددەی چواری دەستوور و ڕێزگرتن لە فرەیی نەتەوەیی یاخود زمانی لەعیراق و جەختکردنەوە لەسەر بەرجەستەکردنی ڕوانگەی مرۆییی شارستانێتییەکەی لە سەردەمی نوێی فیدراڵی، هاوشان لەگەڵ ڕێنمایی ئایینی ئیسلام کە جەخت لەسەر ڕێزگرتنی جیاوازی زمانەکان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی پێکهاتە بنچینەییەکانی کۆماری عیراق بتوانن، بە ئازادی تەعبیر لە پێویستی و داواکانیان بە زمانی ڕەسەنی خۆیان بکەن).

### دوازدەهەم: یاسای زمانە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان

ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤، پەرلەمانی کوردستان یاسای زمانە فەرمییەکانی لە هەرێمی کوردستان دەکرد، ئەم یاسایە لە ٢٧ ماددە پێکهاتووە.

### زمانە ڕەسمییەکان

ماددەی ٢ی یاساکە، زمانەکانی کوردی و عەرەبی

بەزمانی ڕەسمی لەسەرانسەری عیراق و زمانی کوردی بەزمانی سەرەکی لە کوردستانی عیراق داناوە.
لەماددەی ٣دا زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە یەکە ئیدارییەکانی خۆیان و لەکاتی پێویست لەپاڵ زمانی کوردی بەزمانی ڕەسمی دانراون.

## زمانی یاسا و دادگاکان

لەماددەی ٤دا ئاماژە بەوە کراوە ، کە پڕۆژە یاسا و بڕیار و پەیڕەوو ڕێنماییەکان لە هەرێمی کوردستان بەکوردی ئامادە دەکرێن و دەردەکرێن.
بەپێی ماددەی٥، دەقی یاسا و بڕیارەکان لە ڕۆژنامەی فەرمی هەرێمی کوردستان، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکرێنەوە، دەقە کوردییەکە سەرچاوە و بنەما دەبێ.
ماددەی ٦ لەدوو برگە پێکهاتووە:
لەبڕگەی یەکەمدا ئاماژەی بەوە کردووە، هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچن و دەنووسرێن.
لەبڕگەی دووەمدا باسی ئەوەی کردووە، ئەگەر

لایەنێکـی داواکـە زمانـی کـوردی نەزانێـت، دەبـێ دادگا وەرگێڕێکـی بـۆ دابیـن بـکات.

**زمانی دامەزراوەکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە**

مـاددەی٧ دەڵێـت: زمانـی کـوردی، زمانـی ئاخاوتـن و نووسـینی فەرمـی سـەرجەم دامـەزراوە دەسـتووری و فەرمانگەکانـی هەرێمـی کوردسـتانە.

مـاددەی٨ی یاسـاکە، زمانـی نووسـین و پەیوەنـدی لـە نێـوان حکومەتـی هەرێـم و حکومەتـی فیـدراڵ و هەرێمەکانـی تـری دیاریکـردووە، کـە زمانـی عەرەبی و کوردییە، بۆ پەیوەندی لەگـەڵ دامـەزراوە بیانییـەکان، زمانـی کـوردی و زمانێکـی دیکـەی پێویسـت بەکاردێـت.

بەپێـی مـاددەی ٩، پێویسـتە ڕێکەوتننامەکانـی نێوان حکومەتـی هەرێـم و لایەنـە دەرەکییـەکان بـە زمانـی کـوردی و زمانـی لایەنـی بەرامبـەر بـێ.

ماددەی ١٠ لە دوو بڕگە پێکهاتووە:

بڕگـەی یەکـەم: تابلـۆی سـەرجەم دامـەزراوە و فەرمانگـە حکومییـەکان بـە زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی دەبێـت و ڕەچـاوی زمانـی پێکهاتەکانـی تریش دەکرێت، بـەو مەرجـەی نووسـینە کوردییەکە لـە بەشـی سـەرەوەی تابلۆکـە بێـت.

بڕگەی دووەم: تابلۆی نووسینگە و نوێنەرایەتی و کونسڵگەری وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان لە هەرێمدا، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەکەی دیکە دەبێت.
بەپێی ماددەی ١١، هەر دامودەزگایەکی حکومی و ناحکومی عیراقی و بیانی، کە مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێمدا هەبێت، پێویستە لە فۆرم و نووسراوەکانیاندا زمانی کوردی بەکار بهێنن.
ماددەی ١٢ی یاساکە لە دوو بڕگە پێکهاتووە:
یەکەم: تابلۆی ڕێنمایی شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و ناوچەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بەمەرجێک نووسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکە بێت و دەرکەوتووتر بێت.
دووەم: پێویستە تابلۆی ئۆتۆمبیلەکان بە زمانی کوردی بنووسرێن.

**زمانی خوێندن**

ماددەی ١٣ی یاساکە تایبەتە بە زمانی خوێندن، لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە کوردستانی عیراقدا.

**زمانی کارو بازرگانی**

مـاددەی ١٤ی یاسـاکە تایبەتـە بـە زمانـی کارو بازرگانـی، بەپێـی ئـەم ماددەیـە، دەبـێ سـەرجەم کۆمپانیـا و دامەزراوەکانـی کەرتـی تایبـەت زمانـی کـوردی بەکاربهێنـن، بەکارهێنانـی زمانـی بیانـی بـە پێـی پێویسـتی خزمەتگـوزاری و زمانـی بەکارهێنـەران ئـازادە.

مـاددەی ١٥ی یاسـاکە ئامـاژە بـەوە دەکات، بـۆ دامەزرانـدن، یـان کارکـردن بەگرێبەسـت لـە هـەر شـوێن و کارێکدا، ئەوانـەی زمانی کوردی دەزانـن دەرفەتـی وەرگرتنـی زیاتریـان پێبدرێـت، بـە ڕەچاوکردنی پسپۆڕی و تایبەتمەندی لە سێکتەرە جیاوازەکانـدا.

مـاددەی ١٦ی یاسـاکە، پەیوەندی نێوان خاوەنکار و کارمەندانی ڕێکخسـتووە، بە پێی ئـەم ماددەیە، پێویسـتە لـە پەیوەنـدی نێـوان خاوەنـکار و کارمەندەکانیـدا (بـە گرێبەستیشـەوە)، زمانـی کـوردی بـە کاربهێنرێـت، دەکـرێ لـە پـاڵ زمانـی کوردیـدا، زمانێکـی دیکـە بـە کاربهێنرێـت.

مـاددەی ١٧ی یاسـاکە باسـی ڕیکلامـی بازرگانـی دەکات، بەپێـی ئـەم ماددەیـە، پێویسـتە هەمـوو جـۆرە ڕیـکلام و بانگەشـە و ئاگادارییەکـی کارو

بازرگانـی لـه هەرێمـی کوردسـتان، بەزمانـی کـوردی بێـت، دەکـرێ لەگەڵیـدا زمانـی دیکـەش بەکاربهێنرێـت.

ماددەی ١٨ی یاساکە، لە دوو بڕگە پێکهاتووە:

یەکـەم: پێویسـتە هەمـوو شـتومەک و کاڵایـەک کـە لـە هەرێـم بەرهـەم دەهێنرێـت، بـە زمانـی کـوردی ڕێنمایـی لەسـەر بنووسـرێت.

دووەم: دەبێ کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی خۆراک و دەرمان پابەندی وەرگێڕانی ڕێنماییەکان بن بۆ زمانی کوردی.

مـاددەی ١٩ی یاسـاکە ئامـاژەی بـەوە کـردووە، دەبـێ فۆرمـی داواکاری و پـارەدان ووەرگرتـن لەگـەڵ هەمـوو دەزگایەکـی خزمەتگوزاریـی بازرگانـی پسـوولەو زەرف...هتـد، بـە زمانـی کـوردی بـن، بـە کارهێنانـی زمانـی دیکـە لـە پـاڵ زمانـی کـوردی ئاسـایی و ڕێگەپێـدراوە.

**زمانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری**

ماددەکانـی ٢٠و ٢١ی یاسـاکە تایبەتـن بـە زمانـی فەرهەنـگ و ڕۆشـنبیری.

ماددەی ٢٠ لە دوو بڕگە پێکهاتووە:

یەکـەم: میدیـا و ناوەنـدی کولتـووری لـە هەرێـم بـە

زمانـی کـوردی دەبێـت، لـە کاتـی پێویسـت زمانـی دیکـەش ڕێگەپێـدراوە.
دووەم: پێکهاتەکانی دیکەی هەرێم بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان میدیایان هەبێ.
ماددەی ٢١ لەدوو بڕگە پێکهاتووە:
یەکـەم: لـە کاتـی ئەنجامدانـی هـەر چالاکییەکـی کولتووریـی بیانـی لەهەرێمـدا، دەبێـت پۆسـتەر و پڕوپاگەنـدەی چالاکییەکـە زمانـی کـوردی لـە پـاڵ زمانـی بیانـی تێـدا بێـت.
دووەم: هەرکارێکـی هونـەری و کولتـووری، لەهەرێم بەرهـەم دەهێنرێت یان نمایش دەکرێت، دەبێـت کـوردی بێـت، یاخـود وەرگێڕانـی کـوردی هەبێـت.

**زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکان**

ماددەکانـی ٢٢ و ٢٣ی یاسـاکە تایبەتـە بەزمانـی پێکهاتـە نەتەوەییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان.
